
حەریم
لە کۆشکەکانی عوسمانیدا
(حەرەم سەرا)
نووسینی/ د. ماجدە سەلاح مەخلوق
وەرگێڕانی/ لەیلا عەلی

# حەریم

# لەکۆشەکەکانی عوسمانیدا

# (حەرەم سەرا)

نووسینی/ د. ماجدە سەلاح مەخلوق

وەرگێڕانی/ لەیلا عەلی

ناوی کتێب: حەریم

لەکۆشکەکانی عوسمانیدا (حەرەم سەرا)

نووسینی: د. ماجدە سەلاح مەخلوق

وەرگێڕانی: لەیلا عەلی

تایپ: بەیان حسێن

مۆنتاژی کۆمپیوتەرو بەرگ: ئومێد محەمەد

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: تەوار

ژمارەی سپاردن ٨٢١ی ساڵی ٢٠٠٤

چاپی بەرگ: چاپخانەی شڤان

بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە -٧-

خوێنەری بەڕێز/

مەبەست لەوەرگێڕانی ئەم کتێبە بەلای منەوە هەوڵێکە بۆ ئاشکرا بوونی چەند لاپەڕەیەک لەژیانی(ژنانی)سەردەمی عوسمانی، کەسەرەڕای هەموو هەوڵەکانی نووسەر بۆ جوانکردنی ژیانی حەرەم سەراو شاردنەوەی ئەو زوڵم و زۆرداریییەی دەرهەق بەنەفسیەت و کەرامەتی ژنان کراوە لەسەردەستی سوڵتانە عوسمانیییەکان بەئاشکرا خوێنەری زیرەک ئەو راستییە دەخوێنێتەوە کە(ژنان)لەو قۆناغەدا لەژێر بیانووی ئایین چەوساونەتەوەو بەهەموو شێوەیەک ئیستغلالکراون تاجارێک چێژبەخش و جارێک خزمەتکارو مناڵ خەرەوە بن و هەموو کاتێکیش چەوساوەترین چینی ئەوکۆمەڵگەیەبوون.

وەرگێڕ

تائێستاش ئەوانەی بایەخ بەمێژووی دەوڵەتی عوسمانی دەدەن گرنگی زۆر دەخەنەسەر ئەو توێژینەوانەی باس لەسیستەم و پێکهاتەی عوسمانییەکان دەکات، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانە گرنگی زۆریان هەیە بۆ رۆشنایی خستنەسەر کییان و رۆڵی شارستانی دەوڵەتی عوسمانی لەمێژوودا، یەکێك لەو پێکهاتانەی لەناو کۆشکی عوسمانیدا مافی خۆی لەهیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکدا وەرنەگرتووە، سیستەم و پێکهاتەی بەشی (الحریم)ی کۆشەکەکانە.

رەنگە هۆکاری ئەم کەمتەرخەمییەش لەباسکردندا بگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە وردەی کە ئەم بەشانەی دەبرد بەڕێوەو وایکردووە قورس بێت یان باشترە بڵێین مەحاڵ بێت کەس بتوانێت دیوارەکانی ببەزێنێت و بتوانێت زانیاریی لەسەر چۆنیەتی گوزەران و ژیانی ئەو بەشە کۆبکاتەوە.

ئەو زانیارییانەش لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە بۆ کتێبە خۆرئاواییەکان درەیان کردووە لەڕێی ئەو کارمەندو کەنیزانەوە بووە کە لەکۆشکدا خزمەتیانکردووە، هەروەها لەڕێی تەکنیکارو پزیشکەکانەوە بووە کە بۆ هەندێ کاری دیاریکراوی ناو کۆشك پەنایان بۆ دەبردن.

بەڵام ئەوەی پێویستە هەمیشە رەچاوبکرێت چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئێمەیە لەگەڵ ئەو نووسراوو زانیارییانەی لەو

نووسەرە خۆرئاواییانەوە گەشتووەتە ئەمڕۆ.

بەوپێیە ناکرێ ئەو زانیارییانە بکرێنە پێوەر بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی بنیاتنانی دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی، بەهەرحاڵ، (حەرەم سەرا) هەمیشە بەشارێکی موحەرەمو قەدەغە وەسفکراوە، چونکە بۆ هیچ کەسێکی دەرەوەی حەرەم سەرا نەبووە لەناو ئەو بەشەدا هاتووچۆ بکات، ئەگەر ئەو زانیارییانەش بەهەند وەربگرین کە گەیشتووەتە ئەمڕۆ، ئەوا پێویستە بزانین کە تەنها زانیارین لەسەر چەند شوێنێکی تایبەتو دیاریکراوی ئەو بەشانە، لەبەرئەوەی ئەو نووسەرانە نەیانتوانیوە دەرگاکانی (حەرەمەکان)ی حەرەم سەرا ببڕن، زۆرجار پەنایان بردووەتەبەر خەیاڵ، ئەم خەیاڵەش لای ئەوروپییەکان چەسپاو دواتر بۆ ناو نووسەرە عەرەبەکان گوێزرایەوە، کە بێگومان بۆ هەندێك زیادەڕۆیی کە زۆر دوورن لەڕاستییەوە رۆڵی زۆری هەبووە.

ئێستا حەرەم سەرا لەبیری ئێمەدا دەقاودەق ئەو بۆچوونەمان لادروستدەکات کە ئەوروپییەکان دەیانەوێت بیگەیەنن، بەلآم لەڕاستیدا حەرەم سەرای عوسمانییەکان جیهانێکی نەناسراوبوو بۆ هەموو ئەوانەی نەچووبوونە ناوی، بەلآم دوای دەرکەوتنی نووسراوی ئەوانەی کە خۆیان لەبەشی حەرەم سەرای کۆشکەکانی عوسمانی ژیاون، هەندێ زانیاریی وردتر

ئاشکرابوو، هەموو ئەو نووسەرانەش لەسەر ئەوە کۆکن کە کۆشکە عوسمانییەکان بەهەموو بەشەکانیەوە، سستمێکی پەروەردەیی پێشکەوتووبووە، بەبەشی حەرەم سەرا- یشەوە، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ناسینی (حەرەم سەرا)ی ئەو سەردەمەیە لەڕێگەی نووسراوەکانی ئەو کەسانەی بەشێك لەژیانی خۆیان لەبەشی حەرەم سەرای کۆشکی عوسمانییەکاندا بەسەربردووەو لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی بەزمانی تورکی نووسراون.

## حەرەم سەرا لەکۆشکی عوسمانیدا

### هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بەکۆیلە (الرقيق)

کۆمەڵگەی ئیسلامی کۆیلایەتی وەك سستمێکی کۆمەڵایەتی دانپیانراو ناسیووە، کۆیلە پیاوبوبێت یان ژن یان منداڵ، موڵکی تەواوی گەورەکەی بووە، هیچ مافێکی نەبووە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلام، کۆیلایەتی کۆت وبەندو مەرجی شەرعی بۆ دانرا، کۆیلە مافی مرۆڤایەتی هەیە، قورئانی پیرۆزیش لەزۆر بەشیدا باسی لەئازادکردنی کۆیلەکردووەو ئەوکارەی بەگوناه شۆردنەوە ناوبردووە: وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: (من قتل

مؤمناً خطأ فتحرير رقبة مؤمنة- النساء ٩٢)، واتە هەرکەسێك باوەڕدارێکی بەهەڵەکوشت، ئەوا دەبێت کۆیلەیەکی ژن ئازاد بکات، هەروەها لەسورەتی (المجادله) ئایەتی (٣)دا دەفەرموێت (والذين يظاهرون من نسائهم ثم يعودون لما قالوا فتحرير رقبة من قبل ان يتماسا)، واتە ئەو پیاوانەی سوێندێك یان قسەیەك بەژنەکەیان دەڵێن و دەبێتەمایەی تەلاق کەوتنیان (وەك ئەوەی بەژنەکەی بڵێ تۆ دایکمی-وەرگێر) ، ئەوا پێویستە کۆیلەیەك ئازاد بکات پێش ئەوەی بگەڕێتەوە لای ژنەکەی و جەماع بکەن، هەروەها ئایینی ئیسلام داوای لەکەسی موسڵمان کردووە نەرمونیان بێت لەگەڵ کۆیلەدا، ئازاری جەستەو هەستیان نەدات بەتایبەت لەبانگکردنیان بەکۆیلە، هەروەها داوایکردووە لەخواردن و جلوبەرگدا، بەخشندەبن لەگەڵیانداو ئەرکێکیان نەخەنەسەرشان کە نەتوانن ئەنجامی بدەن و گرنگی بەئاگادارکردن و پەروەردەکردنیان و بەماریفەتکردنیان بدەن. پێغەمبەر (د.خ) لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت (اخوانكم خولكم جعلهم الله تحت ايديكم فمن كان اخوة تحت يده، فليطعمه مما ياكل و ليلبسه مما يلبس).

واتە خوا کەسانێك دەخاتەژێر دەستانەوە، هەرکەسێك برایەکی لەژێردەستیدابێت، با لەو نانەی بداتێ کە خۆی لێیدەخواو لەو بەرگەی لەبەربکات کە خۆی دەیپۆشێ.

پێغەمبەر (د.خ) رێزی لەکۆیلەناوە، لەفەرموودەیەکیدا دەفەرمووێت (للعبد المملوك الصالح اجران، والذي نفسي بيده لولا الجهاد في سبيل الله والحج، وبر امي لاحببت ان اموت وانا مملوك) واتە کۆیلە دوو ئەجری هەیەو دوو پاداشتی هەیە، ئەو کۆیلەیەی خاوەنی هەیەو کەسێکی ساڵحە، پێغەمبەر سوێند بەخوا دەخواو دەفەرمووێت سوێند بەوەی رۆحی منی بەدەستە ئەگەر جیهاد لەپێناوی خواو حەجکردن و خۆشەویستی دایکم نەبوایە حەزم دەکرد بەکۆیلایەتی بمرم.

سەبارەت بەقورئانیش خواوەند لەسورەتی الاحزاب ئایەتی (٥٠)دا دەفەرمووێ (یاایها النبي انا احللنا لك زواجك اللاتي اثبت اجورهن وماملکت یمینك مما افاءالله علیك) واتە ئەی پێغەمبەر ئێمە هەموو ژنەکانتمان لێ حەڵاڵ کردویت و هەروەها ئەوانەشی کە تۆ کرێکانیانت داوە.

پێغەمبەر (د. خ) دوو کۆیلەی ژنی هەبووە ناویان سەفیەو جوبیریەبوو، ئەو ئازادیکردوون و دواتر مارەی بڕیوون، هەروەها رێحانەی کچی شەمعون و ماریەی قتبییەی هەبووە کە دوو کۆیلەی تربوون، فوقەهەکانی ئاییینیش لەڕابواردن بەکۆیلەوەو تاموچێژبردن لێیان کە دوای ئازادکردنیان دێت گەورەترین گەورەیی دەخوێنێتەوە بەدڵنەرمییەکی گەورەی بۆ ژنانی کۆیلەی لەقەڵەم دەدەن، چونکە بەم پێیە ژنی کۆیلەش لەکاتی کۆیلایەتیدا

مافی رابواردنی هەیە لەگەڵ خاوەنەکەیدا، ئەو مافەی کە ژنانی تریش هەیانە، جگەلەوەی زۆرخاوەن کۆیلە حەزی لەوەکردووە کە کۆیلەکەی ئازاد بکات، هەروەها ئەم رابواردن و تاموچێژەش چانسێکی گەورەی داوە بەژنی کۆیلە کە ئەگەر بێتوو لەخاوەنەکەی منالی ببێت ئەوا راستەوخۆ ئازادبووە، واتە بەکورەکەی ئازادبووە.

پێغەمبەر (د.خ) لەفەرمودەیەکیدا دەڵێت: (ایما امة يلد من سيدها فهي معتقة عن دبر منه) واتە هەر کۆیلەیەك لەخاوەنەکەی منالی بوو ئەوە ئازادبووە، کاتێك ماریە ئیبراهیم منالی بوو، بەپێغەمبەریان وت ئازادی ناکەیت! فەرمووی (منالەکەی خۆی ئازادی کرد).

لەمافەکانی کەنیزە لەئیسلامدا، مافی شووکردنە، ئەگەر کەنیزەیەك داوای لەخاوەنەکەی کرد بەشووی بدات و ئەویش حەز نەکات، ئەوا ناچاردەکرێت بەشووی بدات، چونکە وەك باوکی وایە، ناچار دەکرێت بەشووی بدات وەك چۆن ژنێکی ئازاد بەشوو بدات، وەك چۆن ژنێکی ئازاد بەشووبدات، چونکە پێویستییەکانیان بۆ ئەوەیان رادەکێشێت، ئەگەر ئەو خاوەن کۆیلەیە هەر رازی نەبوو ئەوا دادوەر ناچاری دەکات.

پاکیزەیی کەنیزە مافێکە لەمافەکانی وەك ئیسلام باسی لێوەکردووە، ئەم پاکیزەییە بەسێ شێواز دەبێت، بەنەچوون

بەلایدا، یان بەشووودانی یان فرۆشتن، بێگومان ئەمجۆرە مامەڵە مرۆییە لەگەڵ کۆیلەدا ئیسلام پەیرەوی دەکات بەشێوەیەکی بنچینەیی جیاواز لەگەڵ مانای کۆیلە کە لەمەفهومی خۆرئاوادا هەیە، کۆیلەو رەشپێستە ئەمریکییەکان راسترین گوزارشت لەکۆیلە دەکەن لەمەفهومی خۆرئاواو ئەوروپییەکان، ولآتانی ئیسلامیی لەخۆرهەلآتیەوە بۆ خۆرئاوای سستمی کۆیلایەتیان لەچوارچێوەی ئیسلامدا زانیووە، خەلیفەو سوڵتانەکان هەندێجار زیادەڕۆییان لەنزیکبوونەوەو چاکەکردن لەگەڵ کۆیلەکاندا کردووە، کۆیلە لەمێژووی ئەم ولآتانەدا رۆڵی بەرچاویان بینیوە تیایاندا سەرکردەو خەڵکی سیاسی و دادوەریان تیا هەڵکەوتووە، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین زۆربەی خەلیفەکانی عەباسی و عوسمانییەکان کە لەدواییدا هاتوون لەو دایکانەبوون کە کەنیزەبوون واتە لەحەرەم سەرا بوون.

## یەکەم: واناى حەرەم سەرا

### أ/ مانای گشتی حەرەم سەرا:

وشەی حەرەم سەرا لەوشەی (الحرم)ەوە هاتووە کە وشەیەکی عەرەبییە، حەرەمی پیاو بەمانای شتێك کە پیاو لەپێناویدا

بجەنگێ‌و بیپارێزێت، حورمە واتە ئەوەی کە لەمافدا ناکرێت پێشێلبکرێت، هەروەها بەمانای ژن‌و کەسی پیاو دێت، بەمجۆرە حەرەم سەرا مانای ئەوەیە کە حەرامکراوەو ناکرێت دەستدرێژیی بکرێتەسەر، حەرەم سەرای ماڵ ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە ماف‌و هەندێ (قەیری تر وەردەگرن)، ناوی حەرەم لەمانا گشتییەکەیدا بەوبەشە تایبەتەی ماڵ وتراوە کە پیاو لەگەڵ ژن‌و منداڵەکانی‌و ئەوانەی خزمەتیان دەکەن ژیاوەو ماف بەکەسی بێگانە نادرێت لەپیاوان ئەو حورمەیە بشکێنێت، ئەمەش ناوێکە کە نیشانەی شارستانیی دەگەیەنێت کە ئاماژەیە بەدیاردەی رێزو پێزانین.

ب/ مانای حەرەم سەرا لای عوسمانییەکان:

وشەی حەرەم سەرا بەو مانا شارستانییەی گواسترایەوە بۆ عوسمانییەکان‌و لەزاراوەی مێژووی عوسمانییەکاندا یەکێکە لەو سێ بەشەی کۆشکی عوسمانی پێکدەهێنن، بەشی دەرەوە، بەشی ناوەوە، حەرەم یان حەرەم سەرا.

حەرەم سەرا لەم زاراوەیەدا بەشێکی تایبەت لەکۆشک دەگەیەنێت کە سوڵتان لەگەڵ کەسی ماڵەکەی‌و ژنەکانیدا تێیدا دەژی، لەخزمەتکردنی ناوەوەیدا ژمارەیەك ژن هەیە بەناوبانگترین بەشی حەرەم سەرای عوسمانی حەرەم سەرای کۆشکی (گوب

قابی) تۆپ قابیە، سوڵتانە عوسمانییەکان لەسەردەمی سوڵتان سلێمان قانونییەوە وەك شوێنی نیشتەجێبوون و بارەگای حوکمڕانیی بەکاریانهێناوە هەتا سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٣٩-١٨٦١) بەردەوامبووە.

## دووەم/ بەشی حەرەم سەرا لەکۆشکی عوسمانیدا

ئەم بەشەی کۆشکی عوسمانی تایبەت بووە بەشوێنی نیشتەجێبوونی سوڵتان و ژنەکانی و خزمەتکارەکانی کە ژن بوون، ئەم بەشە دیواری بەرز چوار دەوری گرتووەو دیوارەکانی ئەستوربوون بەجۆرێك کە هیچ کەسێك نەتوانێت بزانێت چی لەناویدا ڕوودەدات، بەم شێوەیە حەرەم سەرا بۆتە جیهانێکی سەربەخۆ لەگەڵ هەموو دەرەوەدا، لەناویدا باخچەی بەرفراوانی تیابوو، کە بەچەندین جۆر گوڵ و حەوزی ئاو بۆ سەیرانی ژنەکان ڕازاوەتەوە، حەرەم سەرا لەچەند بەشێك پێکهاتووە هەر بەشێکیان پێیوتراوە دائیرە، هەموو بەشێك بەدەرگای سەرەکیی داخراوەو لەدەرەوەیدا پاسەوانی هەبووە، هەموو ژورێکی بەشی حەرەم سەراو ژووری نووستنی سوڵتان بەئایەتی قورئانیی ڕازابۆوەوە، هەموو دەرگاکانی دووقاپی بوون، لەسەرویانەوە ئایەتی قورئانیی هەبوون کە هێندەی تر ڕێزو شکۆیی بەشوێنەکە

دەبەخشی.

لەم بەشەی کۆشکی عوسمانیدا سستمێکی ورد هەبووە کە سەرجەم کەنیزەکانی حەرەم سەرا بێ جیاوازیی بەژنەکانی سوڵتانیشەوە ملکەچی بوون، جێی باسکردنە هەموو ژنانی ناو حەرەم سەرا کەنیزەبوون جگە لەکچەکانی سوڵتان کە حسابی شازادەیان بۆ دەکرا.

سستمی بەشی حەرەم سەرا:

بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی عوسمانی پشت بەڕیزبەندی هەرەمیەوە دەبەستێت، ئەم ریزبەندییە لەڕێکخستنی پلەو کاری حەرەم سەرا لەناو کۆشکدا رۆڵی هەبووە، کەنیزەکان لەناو حەرەم سەرادا بەسەر دووبەشدا دابەش دەبن، ژنانی سوڵتان و ئەوانەی کاری خزمەت و ئیدارە دەکەن، دایکی سوڵتان لەلوتکەی ژنانی حەرەم سەرادا بووە، پاشان ژنانی سوڵتان پاشان منداڵ خەرەوەکان دواتر بەختدارەکان.

بەڵام لێپرسراوانی خزمەت و بەڕێوەبردن کە هەر ژن بوون، بەشێوەیەکی ترن، لەلوتکەدا گەورە لێپرسراوانی گەنجینەی سوڵتانن، پاشان سەرۆکەکان، پاشان جێگرەکان پاشان کەنیزە نوێکان، ئەمانە بەبنچینەی شێوە هەرەمیەکە دادەنرێن، لەهەموو

پلەیەك لەم پلانە سەرۆك و یاریدەدەریان هەیەو پلەكانیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دێت.

خزمەتكردنی دەرەوەی ئەم بەشە، دراوە بەهەندێ پیاو كە ئەوانیش بەهەمانشێوە پلەیان بەشێوەی هەرەمیی هەیە، بەهەریەكێكیان دەگوترێ (ئاغا)، ئەركیان رێكخستنی پەیوەندیی حەرەم سەراهیە بەدەرەوە، ئاغا كچەكان (قیزلر ئاغاسی) سەرۆكایەتی ئەم پیاوانە دەكەن، هەروەها بە (اغا دار السعادە) یان (دار السعادە اغاسی) ناسراون، ناوی راستەقینەی بەشی حەرەم سەرا لەكۆشكی عوسمانی (دار السعادە) بووە، (بەڵام ناوە عەرەبییەكەی بەسەردا زاڵبووەو بەو ناوە لەلای عوسمانییەكان بڵاوبۆوە –وەرگێڕ)، ئەمانە پلەیەكی بەرزیان هەبووە لەپرۆتۆكۆڵی عوسمانیدا كە لەپلەی وەزیردا بووە لەڕێكخستنی مەدەنیداو پلەی موشیر لەڕێكخستنی سەربازیدا، ئەویش بەرپرسی یەكەمە لەڕێكخستنی پەیوەندییەكانی حەرەم سەرا بەدەرەوە.

كەنیزەكان لەگەڵ پەیوەندیكردنیان بەحەرەم سەراوە شوێنیان بۆ دیاریدەكرا كە ئایا پەیوەندیی بەخزمەت و ئیدارەوە دەكەن یان بە بەشێكی تری حەرەم سەراوە، ئەمەش پشتی بەزیرەكیی و جوانیی دەبەست كە رێخۆشكەربوون بۆ بەرزبوونەوەی پلەكەی لەناو فەرمانبەرەكانی حەرەم سەرادا هەتا دەگەیشتە گەورە

لێپرسراوانی گەنجینەی سوڵتان، زۆرجاریش بەخت یاوەریی دەکردو دەبووە بەختدار یان منالْ خەرەوە یان ژنی سوڵتان، یان دەبووە دایکی سوڵتان کە بەرزترین پلەیە کەنیزە بیگاتێ.

## ٢-ریزبەندی ژنانی سوڵتان لەناو حەرەم سەرادا

أ.دایکی سوڵتان:

سەرۆکی بەشی حەرەم سەرایە، بەڵام ئەم سەرۆکایەتییە مافی ئەوەی ناداتێ دەست بخاتە سیستەمی تایبەت بەحەرەم سەرا-وە، چونکە لەناوەوەو دەرەوەی حەرەم سەرادا کارمەند هەیە کە ئەرکیان پاراستنی ئەم سیستەمو یاساو نەریتانەیە.

دایکی سوڵتان بەوپێیەی دایکی سوڵتانە بەرزترین پلەی هەیە، وەك شاژن وایە بەمەفهومی ئەوروپایی نازناوی (المهد العالی)و (وایلی سوڵتان)ی هەیە نازناوی سوڵتان هەمان نازناوی کچانی سوڵتانە کە دوای ناوەکەیان دێت، یەکەمجار دایکی سوڵتان موڕادی سێیەم ئەم نازناوەی وەرگرتووە (١٥٧٤-١٥٩٥) دایکی سوڵتان بەنازناوی خاوەن شکۆ (صاحبة الدولة،صاحبة العصمة) بانگکراوە (دولتو عصمتلو)، هەمان نازناون کە کچانی سوڵتانیشی پی بانگدەکرێت.

دایکی سوڵتان دوای ئەوەی کوڕەکەی عەرشی سوڵتانیی

وەردەگرت و بۆ یەکەمجار دەچووە کۆشك، ڕێوڕەسمی تایبەتی بۆ دەکرا، ئەم ڕێوڕەسمەش بەناوی (والدة الأي) ئاپۆرەی دایك ناسراوبوو، هەروەها شوێنێکی تایبەتی بەخۆی هەبوو لەگەڵ ژمارەیەك کەنیزە لەجۆرەها پلە بۆ خزمەتکردن و بەڕێوەبردنی ئیشوکاری بەشەکەی، کە کەنیزەیەك لەپلەی جێگردا سەرپەرشتی دەکرد.

هەروەها دایکی سوڵتان دەرماڵەی بەرچاوو دراویی هەبوو کە راستەوخۆ لە (بینایەی دراو) بۆی سەرفدەکرا، زۆر لەدایکی سوڵتانەکان و ژنەکانیان ئەم پارانەیان بۆ دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانەو خێرو نەخۆشخانەو چەندین کاری خێرخوازیی تر بەکاردەهێنا، هەرچی بەرژەوەندییەکانی دایکی سوڵتانیش بوو لەدەرەوەی کۆشك دەخرایە ئەستۆی یەکێك لەکارمەندە باوەڕپێکراوەکانی دەوڵەت، سوڵتانە عوسمانییەکان ڕێزێکی بێپایانی دایکیان دەگرت، زۆریان نفوزێکی زۆریان بەدەستهێناوەو لەکاتی بچووکیی تەمەنی سوڵتاندا دەستیان خستۆتە کاروباری تایبەتی دەوڵەتەوە، دەستێوەردانیان لەکاروباری دەوڵەتدا بەشێوەیەکی کەم و زۆر بووە هەتا سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە بڕیاری توندی بەرامبەر دەستێوەردانی ژنان لەکاروباری دەوڵەت دەرکردو بەشێوەیەکی یەکجاری ڕێگەی لێگرتن.

## ب.ژنانی سوڵتان:

هەموو یەکێك لەهاوسەرەکانی سوڵتان پێیگوتراوە (قادین) ئەمەش بەرزترین پلەیە لەپلەی ژنەکانی سوڵتان، هەتا سەدەی هەژدەهەم نازناوی تایبەت (الخاصة) (خاصکی)یان هەبووە، پاشان بووە بە خانمی حەرەمی سوڵتان (قادین ئەفەندی)، ژنی سوڵتان بە (ذات العصمة) (عصمتلو) بانگکراوە، ئەمە هەمان نازناوی کچەزاو کورەزاکانی سوڵتان بووە.

ژنانی سوڵتان پلەو ریزبەندیی تایبەتیان هەیە، یەکەمیان بە (باش قادین) دووەم (ایکینجی قادین) سێیەم (اوجنجی قادین) ژمارەی ژنەکان لەچوار زیاتر نەبوون، ئەم ریزبەندییەش نیشانەی ئەوە نەبووە کە یەکێکیان لەوانی تر بەزیاتر بزانێت، بەڵکو تەنها نیشانەی ریزبەندیی کۆنتر لەوی تریان بووە، واتە کامیان لەوی تر کۆنترە، زۆربەی جار پێش ئەوەی ژنی سوڵتان بۆ ئەو پلەیە بەرزبێتەوە یەکێك لە کەنیزەکانی ناو حەرەم سەرا بووە، لەبەرئەوە ئاغای کچان نوێنەرایەتی کردووەو سەدری ئەعزەمیش نوێنەرایەتی سوڵتانی کردووە لەکاتی مارەبڕیندا، مارەکردنی کەنیزەکان لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە (١٥١٢-١٥٢٠ز) دەستپێکردووە، جگە لەسوڵتان عوسمانی دووەم (١٦١٨-١٦٢٣). ئەو کەنیزەیەی لەکاتی پەیوەندیکردنی

بەحەرەم سەراوەوە هەڵدەبژێردێت بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری سوڵتان یان یەکێك لەژنەکانی، هیچ کارێکی لەناو حەرەم سەرادا پێ ناسپێردرێت، بەڵکو سەرپەرشتی تەواو دەکرا بۆ پەروەردەکردن و بەماریفەتکردن و فێرکردنی بنەماکانی ئایینی ئیسلام، هەروەها نەریتەکانی حەرەم سەراو چۆنیەتی قسەکردن، ئەگەر ئامادەیی تێدابوایە فێری زمان و مۆسیقاش دەکرا تا لەڕێزی سوڵتاندا بێت.

ژنی سوڵتان لەدوو منداڵ یان سێ منداڵ زیاتری نەدەبوو لەهەندێ حاڵەتی دەگمەندا نەبوایە، خۆی سەرپەرشتی پەروەردەکردنی کچە شازادەکانی دەکرد، ئەگەر کۆچی دوایی بکردایە ئەو ئەرکە دەخرایە ئەستۆی ژنێکی تری سوڵتان کە کاتی ئەوەی هەبوایە، ئەوکاتە بەدایکی دووەم ناویان دەبردو بەهەمان خۆشەویستی و ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا.

هەموو ژنێك دەرماڵەی بەرچاوو مووچەی مانگانەی هەبوو کە هەموو سەری مانگێك لەناو کیسەیەکی خوری سوردا بۆی سەرفدەکرا، ڕۆژانەش بڕێکی باش لەگۆشت و برنج و ڕۆن و میوەو نان و سەوزەی دەدرایە، هەروەها لەهەردوو مانگی موحەڕەم و ڕەجەبدا هەر مانگەی دووجار بڕێك مۆم و سابون و دارو خەڵوزو شەکرو ماستی دەدرایە، ڕێگە دەدرا بەژنی سوڵتان فەرووی (السمور) پێستەی سمۆرە لەبەربکات و جلوبەرگی ڕزاوە بە بەردی

گرانبەها وەك جلوبەرگی شازادەكان لەبەر بكات، هەروەها قژی لەسەر ناوچەوانی كۆدەكردەوە وەك نیشانەیەكی دیاری خۆیو شاڵێكیشی لەسەروشانی دەئالاند.

ج.منالْ خەرەوەكان (المستولدات):

یان كەنیزە منالْ خەرەوەكان بەهەر یەكێكیان دەگوترا (اقبال) لەریزبەندیدا دوای ژنەكانی سوڵتان دەهاتن، نازناوی (هانم) بوو، مافی ئەوەی هەبوو لەگەڵ سوڵتاندا لەناو جێگە بخەوێت، یەكەم منالْ خەرەوە لەحەرەم سەرای عوسمانیدا (فاتمە شاهین هانم) بوو لەسەردەمی سوڵتان مستەفای دووەم (١٦٩٥ز-١٧٠٣ن) مەرج نەبوو، هەموو سوڵتانێك منالْ خەرەوەیەكی هەبوایە، ئەم پلەیە لەپلەی ژنانی سوڵتان لەشەش سوڵتان زیاتر نەیانبوو، كە بریتبوون لە: ئەحمەدی سێیەم، مەحمودی یەكەم، سەلیمی سێیەم، مەحمودی دووەم، عەبدولمەجیدی یەكەم، عەبدولحەمیدی دووەم. كەنیزەیەك كە لەپلەی منالْ خەرەوەدابێت ریزبەندییەكی تایبەتی هەیە، لەهەموویان لەپێشتر (كۆنتر)ی پێیدەگوترا گەورەی منالْ خەرەوەكان (باش اقبال ) پاشان دووەمو سێیەمو بەمجۆرە، دەتوانێ سوڵتان یەكێك لەمانە بهێنێت، ئەوكاتەش پلەكەی بۆ هاوسەری سوڵتان بەرزدەبووەو دەبووە (قادین) ، هەمان مافی ژنەكانی سوڵتانی بەدەستدەهێناو لەریزبەندیی

ژنەکانیدا دەبووە دواهەمین.

زۆربەی منالّ خەرەوەکان لەڕەگەزی جەوکسی بوون، خاوەنی جوانیی و زیرەکیی بوون، خێزانی جەوکسی ئەگەر یەکێك لەکچەکانیان زیرەك و جوان بوایە، رەوانەی حەرەم سەرای سولّتانیان دەکرد تاببێتە منالّ خەرەوە، ئەمەش جێی فەخرو شانازییان بوو، ژمارەیەك کەنیزەشیان بۆ خزمەتکردنی دادەنا، بەشێوەیەکی پێویست سازدەدرا و رۆشنبیر دەکرا تاکو شایستەی شوێنی خۆی بێت لەناو حەرەم سەرادا، منالّ خەرەوە بەرگێکی لەقوماشی گرانبەهای لەبەردەکرد و رێگەی پێدەدرا فەروەی (شەهێن) لەبەر بکات.

د. شانسدارەکان (المحظيات)/ یان ژنی خۆشەویستی لای سولّتان:

هەموو یەکێك لەمانە پێیدەگوترا (کوزدە) لەڕیزبەندیدا دوای منالّ خەرەوە دێت، شانسدار لەناو ئەو کەنیزانەدا هەلّدەبژێردرا کە بەرپرسی خەزێنەی سولّتان بوون، مەبەست لێیان خزمەتکردنی راستەوخۆی سولّتان بووە، شانسدار دەیتوانی پلەی بەرزبێتەوەو ببێتە منالّ خەرەوەو پاشان هاوسەری سولّتان ئەوکات بەخت یاوەری دەبێت و کوڕێکی لەسولّتان دەبوو کە لەدواییدا دەبێتە دایکی سولّتان.

٣-ریزبەندیی ئەوانەی لەناو حەرەم سەرادا خزمەت دەکەن:

کەنیزەکانی لەناو بەشی حەرەم سەرادا کاری خزمەتگوزاریی و ئیداری دەکەن بەشێوەی هەرەمیی ریزبەندکراون، ئەوان لەناو بەشەکەدا وەك کارمەند وان، پلەوپایەی خۆیان هەیە، هەروەها مووچەیەکی دیاریکراویان لەپارەی نەقدی هەیە بەپێی ئەو پلەیەی کەنیزەکە وەك کارمەند هەیەتی، هەروەها خانەنشین دەکرێن و لەکۆتایی کارەکانیاندا پاداشت دەکرێن، کارەکانی ناو حەرەم سەرا بەشی هەیە، هەموو بەشێکیش سەرۆك و یاریدەدەری خۆی هەیە، هەریەکەیان پسپۆڕی رۆڵی دیاریکراوی خۆی لەکار بردنەسەردا هەیە، هەر پلەیەکیش لێپرسراوی پلە یەك و نزمتری هەیە، هەموشیان باش خەزێنەدار سەرۆکایەتییان دەکات.

أ.گەورە لێپرسراوی خەزێنەی سوڵتان:

گەورەترین کارمەندی ناو حەرەم سەرایە، پێیدەگوترێت (باش خەزێنەدار) خەزێنەداری یەکەم، ئەو بەرپرسی بەڕێوەبردنی بەشی سوڵتانە، کلیلی گەنجینەکانی سوڵتانی پێیە، هەروەها (باش قالفە)شی پێدەگوترێت، واتە سەرۆکی جێگرەکان و وەسیفەکان (سرای اوسطه لق) واتە بەرپرسی کۆشك، سەرۆکی هەموو کەنیزەکانی ناو کۆشکە، بەم شێوەیە بەسەرۆکی فیعلی

بەشی حەرەم سەرا دادەنرێت، نازناوی (کخیا قادین) خانمی، کوێخای کۆشك، پلەکەی بەرامبەر پلەی وەزیرە لەڕێکخستنی مەدەنیداو موشیرە لەڕێکخستنی سەربازیدا، پلەی ئاغای کچان هەمان مووچەی کارمەندەکانی دەبێت، چەند کەسێك یاریدەدەریەتی کە یارمەتی دەدەن و بەهەریەکیان دەگوترێ (خزێنەدار) لەناو ئەو کەنیزانەدا هەڵدەبژێردرێن کە بەتوانان.

گەورە لێپرسراوی گەنجینەی کۆشك (باش خزینەدار) یەکێك لەسێ مۆرەکەی سوڵتانی پێیە، سەدری ئەعزەمیش یەکێکی پێیە، سەرۆکی ژووری تایبەتیش (خاص اوسطە باشی)یش ئەوی تریان، لەڕێورەسمە رەسمییەکاندا لەناو حەرەم سەرا بەزنجیرێکی گەورەی ئاڵتون هەڵیدەواسێت بەگەردنیەوە، لەپرۆتۆکۆلی عوسمانیدا نازناوی خاوەن دەوڵەت، خاوەن شکۆ (دولتوسعادتلو)ە هەیە، هەمان نازناونانی کچەکانە، هەروەها لەڕێورەسمە رەسمییەکانی تەنها ناوکۆشکدا هاوپلەی سەدری ئەعزەمی دەبێت وەك پرۆتۆکۆلی ناوحەرەم سەرا، بەڵام ئەو مەدالیایەی دەیدرێتێ پێیدەگوترێت مەدالیای بەزەیی لەپلەی یەکەم، دارێکی بچوك بەدەستەوە دەگرێت کە لەدانی فیل دروستکراوەو بە ئەڵماس و یاقوت و مرواری رازاوەتەوە، گەورەترە لەوەی جێگرەکانی دەیگرن بەدەستیانەوە، جلێك لەبەردەکات کە کلکێکی درێژی هەیەو بەسەر زەویدا دەکشێ،

لای قەراغەکانی بەدەزووی ئاڵتوون چنراوە، فەروە لەبەرناکات چونکە ئەوە تایبەتە بەژنی سوڵتان و کچەکانی، لای کەمەریشی پشتێنێك دەبەستێت کە بەبەردی گرانبەها رازاوەتەوە، بەسەرپشتیییەوە شتێك دەبەستێت کە لە تاگی ژنان دەچێت، لەهەردوولاکەیەوە بەدوو شریتی دوو پەنجەپان بەستراون کە بەدوو پارچە تووکی زەرد تێکئالاون و لەخوار کەمەرەوە دەهاتنەخوارێ، دەڵێن ئەو قژە زەردانە لەقژی ئەسپ دروستکراون، گەنجینەدار لەناو بەشی حەرەم سەرادا بەناوی سوڵتانەوە قسەدەکات لەبەرئەوە هیچ ژنێك لەناو حەرەم سەرادا هەتا ژن و کچەکانی سوڵتانیش ناتوانن بێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت چاویان پێی بکەوێت، هەروەها هەر ئەم بەتەنیا مافی ئەوەی هەیە بچێتە ژووری سوڵتان لەکاتی خەویداو ئەگەر پێویست بکات لەخەوی هەڵسێنێ، لەبەرئەوە بەکارهێنانی ئەو پۆستە پێویستی بەزانایی و لێهاتوویی و رێز هەبووە، ئەمانە هەمووی لەقسەکانی شازادە شادیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کچی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بووەو لەیاداشتنامەکەیدا باسی لەگەورە گەنجینەداری سوڵتانی باوکی کردوەو دەڵێ گەورە گەنجینەدار، گەورەترین کارمەندی حەرەم سەرا بووە، ژنێکی بەتەمەن و راستگۆو پاکوخاوێن بووە، باوکم (سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم) دەستی ماچدەکرد وەك رێزلێنان بۆی.

ئەوەی لەم پۆستەدا کاردەکات دەبێت لەناو حەرەم سەرادا گەورە بووبێت و پلەکانی یەك بەیەك بڕیبێت، ئەوەندە پلەکەی بەرزبووبێتەوە تا گەیشتوەتە بەرزترین کارمەند لەکۆشکدا، هەروەها دەبێت ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی ئەدەب و نەریتەکان بێت بەو پێیەی لێپرسراوی بەشی سوڵتان بووەو کلیلی گەنجینەکانی پێبووە، گەنجینەدار بەشی تایبەتی خۆی هەبووەو شوێنی نانخواردنی تایبەتی هەبووە بەشەخسیی چەند کەنیزەیەك خزمەتیان کردووە، لەقوربانییەکاندا قوربانیی تایبەتی بۆ سەربڕراوە لەنێو ئەرکەکانی خۆی ئەو کچانەی هەڵبژاردووە کە باوکەکانیان هێناونی و پێشکەش بەحەرەم سەرای کردوون، زۆر گرنگی بەئەسڵ و فەسڵیان داوە.

هەرچی یاریدەدەرەکانیشیەتی پلەی گەنجینەداریان هەبووە ئەمانیش پلەیان هەبووە گەنجینەداری یەکەم پاشان دووەم، ئەمانیش چەند کەنیزەیەك خزمەتیان کردوون، ئەرکی گەنجینەداری دووەم راگەیاندنی فەرمانەکانی سوڵتان و رێورەسمی پێشوازییەکانی لەناو بەشەکەیدا بووە گەنجینەدار لەبەشی سوڵتاندا دەخەوێت، بەشی تایبەت و سەربەخۆی نەبوو، ئەرکی خزمەتکردنی راستەوخۆی سوڵتان بووە، لەم ئەرکەیدا هەندێ لەجێگرەکان یارمەتیدەدەن، سوڵتان توانیویەتی هەر یەکێك لەوانە بیەوێت بانگی بکاتە جێگەکەیەوە، ئەوکاتە پلەکەی

بۆ (كوزده) بەرزدەبێتەوەو لەوانەیە ببێتە (اقبال یان قادین)و شوێنێكی تایبەتی بۆ دابمەزرێت.

ب. پسپۆران(خبیرات):

هەموو یەكێك لەمانە پێیدەگوترا (اوسطه) هەموو كارێك لەناو حەرەم سەرادا شارەزایەك سەرپەرشتی كردووە، شارەزایەك هەبووە بەرپرسی چێشتخانەبووە، (جاشكنیر اوسطی)و یەكێكی تریان بەرپرسی جل‌وبەرگ بووەو (جماشیر اوسطی)بەرپرسی قاوە یان هەلگرتنی قاوەدان یان خواردن‌و بەمجۆرەو ئەمانەش یاریدەدەریان هەیە لەپلەی جێگر (قالفە)، شارەزا جلێكی بریسكەداری درێژی لەبەردەكرد بەناوی (العنتری )و قژی دەستكردیان لەسەر دەكرد.

ج.لێپرسراوانی تەشریفات:

پێیانوتراوە (كاتبە قالفە)و لێپرسراوبوون لەرێوڕەسمی پێشوازیی‌و تەشریفات، بەسەرۆكەكەیان وتراوە (باش كاتبە) ئەمانیش لەنێوان فەرمانبەرە كۆنەكاندا هەڵدەبژێرێن‌و ئەوانەی باش لەپرۆتۆكۆڵ‌و سیستمی كۆشك شارەزابوون، ئەركەكانیان چاودێریكردنی وردەكارییەكانی رێوڕەسمی پێشوازیكردن بووە لەحەرەم سەرادا، هەموو ئەو رووداوانەش كە لەو رێوڕەسمانەدا

رووی ئەدا لەئەستۆی ئەواندابوو، بۆیە هەمیشە لەجولەجولو هاتووچۆکردندا بوون. لەناو کۆشکدا هەمیشە جێگرەکانی خۆیان لەگەڵدا بووە، هەموو یەکێکیش لەو ژنانە کراسی درێژو تەنکیان لەبەردەکرد کە بەروانکەیەکی کورتیان دەکرد بەسەرداو قژیان لەدواوە دەبەستو سەوڵەجانێکی ئاڵتوونییان دەگرتەدەست کە بەبەردی بەنرخ دەچنراو لەلایەن سوڵتانەوە پێیان دەبەخشرا، کە ئاماژەبوو بۆ دەستپێکردنی راستەوخۆی ئەرکەکانیان.

د. جێگرەکان (نائبات):

ئەمانە پێیانوتراوە (قالفە) کە لەهەر شوێنو جێگەیەکی کۆشکدابووبێت هەر جێگربوون، هەروەها سەرۆکی کەنیزەکان بووە لەهەموو شوێنێکی کۆشک وەك بەڕێوەبەر، پاشان پلەی جێگر بەرزکراوەتەوە بۆ گەنجینەی ماڵی قالفە (خزینەدار قالفە) ئەوەش لەکاتێکدا کە جێگر لەهۆڵی سوڵتان بێت، ئەم پلەیە تەنها جێگرە کۆنەکانی ناو کۆشك بەڕێوەیان بردووە، ئەرکەکەشیان خزمەتکردنی ناڕاستەوخۆی سوڵتان بووەو چاوەڕوانی کردن بووە لەبەردەم دەرگاکەیدا.

لەهەموو شوێنێك لەحەرەم سەرا جێگرێك هەبووە کە سوڵتان دایمەزراندووەو نازناوی (بیوك قالفە) بووە، واتە جێگری گەورە یان گەورە جێگر کە یاریدەدەری لەو جێگرانە هەبووە پلەیان

کەمتربووەو بەناوی (کچوك قالفە) جێگری بچووك بووە، ئەرکی گەورە جێگر سەرپەرشتیکردنی سیستمی ناو ئەو شوێنەبووە کە سەرۆکایەتی کردووە، هەروەها بەدواداچوونی چۆنیەتی کارکردن تێیداو بەئاگابوون لەهەموو پێداویستییەکان، هەروەها سەرپەرشتی دەرماڵەی کەنیزە نوێکانیشی کردووەو پێداویستییەکانیان لەجلوبەرگ بۆ دابینکردووەو مەشقیان پێکردووەو فێری نەریتو بەهاکانی ناو حەرەم سەرا-یان کردووە، جێگری گەورە دەسەڵاتی تەواوی لەو شوێنەدا هەبووە کە سەرپەرشتی کردووە، هەر کەسێك بەنیاز بووایە سەردانی شوێنێك لەشوێنەکانی حەرەم سەرا بکات، پێویستە لەسەری یەکەمجار سەردانی جێگر بکات کە بەرپرسی ئەو شوێنەیە، ئەمە کارێکی بنچینەییە لەڕێوڕەسمو نەریتی حەرەم سەرا، زۆرکات جێگر ژنێکی بەساڵاچووەو مامەڵەی لەگەڵ کەنیزەکانی بچووکتر لەخۆی مامەڵەیەکی دایکانەیە بۆ کچەکانی، هەروەها جێگرە کۆنەکان لەلایەن سەرجەم کۆشکەوە ڕێزی لێدەگیرێت، بەڵام جێگرە یاریدەدەرەکانی ئەرکیان جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی گەورە جێگرەو سەرپەرشتیکردنی پاکوخاوێنیو شتنی کەنیزە نوێیەکانو مەشقکردنیانە، هەروەها ڕاسپاردنیانە بەجێبەجێکردنی ئەو کارانەی لێیان داوا دەکرێت.

جێگر مووچەیەکی هەیە کە لەگەڵ مانەوەی زۆری لەناو

حەرەم سەرادا دەگونجێت، مووچەکەی هەموو مانگێك لەناو پارچەیەك قوماشی ئاوریشمی سپیدا پێیاندەدرێت، لەناو سندوقێکی تایبەتی خۆی هەڵیدەگرێت، هەروەها بەشە خواردنیشی لەناو کۆکشدا هەیە کە بڕێکی باشەو بریتین لەشەکرو سابون و قاوەو مۆم، ئەوەشی لەو پێداویستییانە لێی زیاد دەبێت، پێشکەشی ناسیاوەکانی خۆی دەکات دوای ئەوەی هەندێ نان یان شیرینی ناو کۆشکی لەگەڵدا دەبێت، یان بەسەر هەژاراندا دابەشدەکرێت.

ه- نوێکان (المستجدات):

ئەمانە پێیاندەگوترێت (عەجەمی) واتە ئەو کەسانەی کە مەشقیان نەکردووە یان نوێن، ئەمە ئەو نازناوەیە کە بەو کەنیزانە دەگوترێت کە تازە پەیوەندییان بەبەشی حەرەم سەراوە کردووە تادوای مەشقکردن ببنە فەرمانبەر تێیدا، لەم قۆناغەدا وەك قوتابی وایە، کەنیزە نوێکان سەرۆکەکانیان بەنازناوی (قالفەم) بانگدەکەن، هاوکارە نوێکەشی بەهاوڕێم (یۆڵداشم) بانگدەکات، کەنیزەی نوێ دەخرێتە ژێر بەرنامەیەکی وردەوە، پەروەردە کردن و فێربوونی ئیشوکارەکانی ناو حەرەم سەراو نەریتەکانی، دوای مەشق پێکردنی کەنیزەکان بەسەر شوێنەکاندا دابەشدەکرێن لە ئیشوکاری دیاریکراودا وەك ئامادەکردنی خواردن و پێشکەشکردنی قاوە یان کاری پاککردنەوەی ناو

حەرەم سەرا، ئەگەر تیایاندا دەرکەوت کە توانای فێربوون و وەرگرتنی نەریتەکانی حەرەم سەرای نییە، یەکسەر کۆشك دەیداتە شوو بەکەسێك بگونجێت لەگەڵیداو کۆشك هەڵدەستێ بەئەرکی بەشوودانی و دیاریی پێشکەشدەکات.

کەنیزە نوێکان لەتەنیشت ژووری ئەو جێگرەی سەرۆکایەتیان دەکات نیشتەجێدەبن، ئەوانەی لەتەمەن لەیەکەوە نزیکن بەیەکەوە لەژوورێکی سەربەخۆدا دەخەون، هەموو کەنیزەیەك شوێن خەوێکی جیاوازی هەیە کە لەخوری دروستکراون، هەر پێنج یان دە کەنیزە لەژوورێکی سەربەخۆداو بەهاوڕێیەتی کەنیزەیەکی بەتەمەن تاکو ئاگاداری هەڵسوکەوت و قسەکانیان بێت، دەخەون بەشێوەیەك کە لەڕەوشی ئەدەبی پیادەکراوی ناو کۆشك دەرنەچن، ڕووناکیی ژوورەکەش بەدرێژایی شەو بەداگیرساوی دەمێنێتەوە، ژوورو شوێنی کەنیزەکان هیچی لەشوێنەکانی تری ناو حەرەم سەرا لەناومال و فەرش و پێخەف کەمترنەبووە.

ئەو کەنیزەیەی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی کەنیزەکان هەڵدەبژێردرێت تاکو منال بخاتەوەو ببێتە هاوسەری سوڵتان، هەر لەمنالیەوە کە پەیوەندیی بەحەرەم سەراوە کردووە، هیچ ئیشێکی لەناو حەرەم سەرادا پێنەسپێردراوە، بەڵکو چاودێرییەکی زۆر کراوە بۆ ڕۆشنبیرکردن و بەماریفەتکردنی هەتا

شایستەی ئەو شوێنەبێت کە کاری تێدا دەکات، هەر لەسەرەتای پەیوەندیکردنی بەحەرەم سەراوە شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوەو ژمارەیەك کەنیزەش خزمەتیان کردووە، کەنیزە مووچەی رۆژانەی بۆ سەرفکراوە، جگە لەوەی لەبۆنەکانی وەك شووکردن و خستنەوەی شازادەیەك یان لەجەژندا بۆی سەرفکراوە، کە وای لەکەنیزە کردووە لەبارودۆخێکی ئابووریی باشدابێت.

عوسمانییەکان لەمامەڵەیان لەگەڵ کەنیزەکاندا پابەندی یاساکانی شەریعەتی ئیسلام بوون لەمامەڵەو مەسەلەی ئەدەبدا. هەموو شتێکیان فێرکردوون و کۆشکیان بۆ دروستکردوون و کردویاننەتە هاوسەریان، تیایاندایە حەجی کردووەو هەتا (پەیوەندیکردن بەحەرەم سەراوە لەمناڵییەوە خەونی هەموو کچێکی جەرکسی بووە، دایکی جەرکسی لەمناڵییەوە بەبالای کچەکەیدا هەڵدەدا کە گەورەدەبێت و پەیوەندیی بەحەرەم سەرای سوڵتانەوە دەکات، ژیانی ئاسودەی تیا بەسەردەبات، هەروەها خەونی هەندێ کچی دەوڵەمەند بوو کە پەیوەندیی بەحەرەم سەراوە بکەن، ئەم تێڕوانینانە وای لێدەکردن بەرەو ئەستانبوڵ هەڵبێن، بەو هیوایەی پەیوەندیی بەحەرەم سەراوە بکەن و لەخزمەتکردنی سوڵتاندابن).

سەیرنەبووە کە خەڵکی قەوقاز کچەکانی خۆیان بەویستی

خۆیـان بفرۆشـن، یـان کچـەکان لەباوکـەکانیان دەپاڕانـەوە کـە بیانفرۆشن، چونکە پێیـانوابوو دەرگای ئاسوودەیی دەدۆزنـەوە، بەرگی ئاوریشمیی لەبەر دەکەن و بەئەڵماس خۆیان دەڕازێننەوەو ژیـانێکی پـڕ ئاسـوودەیی و بەختـەوەر لای عوسمانییـەکان بەسـەردەبەن لـەڕێی حـەرەم سـەراوە بەتایبـەتی حـەرەم سـەرای عوسمانی.

زۆربەی کەنیزەکان لەزەمانی دەسەڵاتی عوسمانیدا لەڕوسیا و مەجەرو یۆنان و ئـەفریقاوە دەهێـنران، لەسـەدەی هەژدەهەمـەوە لەوڵاتانی قەوقازو جەرکس-ەوە دەهێنران، جێی وەبیرهێنانەوەیە کە سوڵتان عەبدولمەجید لەساڵی ١٢٦٢ك= ١٨٤٦ز مەرسومێکی دەرکرد رێگـەی بازرگـانیی کچـانی قەدەغـەکرد لەگـەڵ ئەوەشـدا خـەڵکی قـەوقاز بەخواسـتی خۆیـان بـەردەوامبوون لەپێشکەشکردنی کچەکانیان بەکۆشکی سوڵتان.

## سێیەم: ژیانی کەنیزەکان لەناو حەرەم سەرادا

### ١-پەیوەندیی سوڵتان بەحەرەم سەراوە:

پەیوەندیی سوڵتان بەحەرەم سەراوە بەپێی بەهاو ئەدەبەوەبوو، لەگەڵ ئەوەی سەرجەم ژنانی حەرەم سەرا بەلای سوڵتانەوە وەك کەنیزە وابوون، جگە لەکچەکانی، بەڵام زۆربەیان فەرمانبەر بوون لەحەرەم سەرادا بۆ کاروباری ئیدارەو خزمەتکردن، هەموویان لەگەڵ سوڵتان نەدەخەوتن وەك مێژوونووسە خۆرئاواییەکان دەڵێن، بەڵکو هەبوو کە بۆی سازدەدرا تەنیا بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ بکات لەژنەکانیو لەوانەی منالیان دەخستەوەو لەشانسدارەکان، سوڵتان لەسەری رازی دەبوو، لەگەڵ ئەمانەشدا سوڵتان بۆی نەبوو لەگەڵ هەر کەنیزەیەکدا بیەوێت بخەوێت ئەگەر خۆی رازی نەبوایە، ناچاری نەدەکرد بۆ ئەو کارەو رێزی لەو حەزەی دەگرت ئەگەر رازی نەبوایە هاوکاریی دەکرد بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرێکی تر ئەوەش وەك رێزێك بۆ کەنیزەکە لەیاداشتەکانی شازادە شادیەی کچی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا هاتووە[١] یەکێك لەکەنیزەکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ داوای سوڵتانی رەتکردەوە، چونکە وای دەخواست کە تەنیا ژنی ئەو کەسە بێت کە دەبێتە هاوسەری، سوڵتان رێزی لەو خوازە گرتو هاوسەرێکی بۆ هەڵبژارد

لەپیاوانی کۆشك کە شایستەی بێت، کۆشکێکیشی لەجوانترین گەڕەکەکانی ئەستانبوڵدا بۆ دروستکرد".

لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە، مارەکردنی کەنیزەکان لەلایەن سوڵتانەکانی عوسمانییەوە ببووە مەسەلەیەکی جێگر، لەوکاتەوەی سوڵتان سەلیم حەفصەی دایکی سوڵتان سلێمان قانونی مارەکرد کە کەنیزەبوو، مەسەلەی رەگەزوئەتنی کاریگەریی لەسەر ژنهێنانی سوڵتان لەکەنیزە نەبوو، بەناوبانگترینیان (کوسم ماه بیکر)ی هاوسەری سوڵتان ئەحمەدی یەکەم بوو (١٦٠٣ز-١٦١٧ز) کە کچی قەشەیەکی رۆم بوو، هەروەها (خەرەم سوڵتانی) هاوسەری سەلمان قانوونی بەرەگەز سلافییە، بەشێوەیەکی گشتی دایکی سوڵتانەکانی عوسمانی هەر لەسەلیمی دووەمەوە کەنیزەبوون و بەرەگەزیش تورك نەبوون، پەیوەندیی سوڵتان بەژنەکانیەوە ملکەچی هەندێ بنەما و ئەدەب بووە کە ناتوانرێ بەکەم سەیر بکرێ، کاتێك داوا لەکەنیزەیەك دەکرا بچێتە بەشی سوڵتان لەڕێگەی یەکێك لەلێپرسراوەکانی ئەو بەشەوە پێیڕادەگەیەنرا، خەڵاتی سوڵتانی پێشکەشدەکرا، پاشان بانگدەکرا بۆ بەشەکەو بەسوڵتان دەناسرا، هەمیشە هاوسەری سوڵتان چاکەتێکی لەبەردەکرد کە لەگەڵ چوونە ناو بەشی سوڵتانەوە دایدەکەندو دەیدایە جێگرێك

نەیاندەتوانی دابنیشێت هەتا سوڵتان ڕێگەی پێنەدایە، کاتێك قسەی دەکرد هەمیشە بەشێوەی رەسمیی قسەی دەکرد، بەشێوەی رەسمیش دەجولایەوە، پاشان سوڵتان لەسەر مێزی تایبەت نانی دەخوارد، بەڵام ژنەکە لەسەر مێزێکی ترو بەجیا نانی دەخوارد، مێزی سوڵتان جگە لەکچەکانی هیچ کەسێکی تر بەشداریی لەنانخواردنیدا نەدەکرد، بەڵام ئەم نەریتە لەدواییدا گۆڕرا وەك لەیاداشتی ئەوانەدا هاتووە کە لەحەرەم سەرادا ژیاون.

کاتێك سوڵتان ناچاردەبێت سەردانی بەشێکی حەرەم سەرا بکات لەکاتی نەخۆشکەوتنی یەکێك لەکچەکانی یان لەژنەکانی، پێڵاوێکی مەعدەنی لەپێدەکرد، تاکو دەنگی پێی ببیستریّو ڕێگە لەبەردەمیا چۆڵبکرێت، چونکە هاتنەدەرەوە لەبەردەم سوڵتاندا کارێکبوو لەگەڵ ڕێزی کۆشکدا نەدەگونجا.

سوڵتان بەپلەی یەکەم گرنگی بەڕۆشنبیریی و ژیریی کەنیزە دەدات پێش ئەوەی گرنگی بەجوانییەکەی بدات، ئەگەر هەست بەژیرییەکەی نەکات، لەحەرەم سەرا دەریدەکاتو دەیداتە شوو، لەکاتی وەفاتکردنی سوڵتاندا سەرجەم ژنو کەنیزەکانی کە ڕاستەوخۆ لەخزمەتیدابوون، لەکۆشکی سوڵتانییەوە دەگوازرانەوە بۆ کۆشکێکی دیکە، هەریەکەیان مووچەیەکی مانگانەیان بۆ تەرخاندەکرا کەلەگەڵ پلەکەیاندا بگونجێت.

**٢-سەرپەرشتیکردنی کەنیزەکانی حەرەم سەرا لەلایەن سوڵتانەوە:**

سەرپەرشتیکردنی سوڵتانەکانی عوسمانی بۆ کەنیزەکان هەر لەسەرەتای پەیوەندیکردنیان بەکارکردن لەناو حەرەم سەراداو هەڵبژاردنی ناوی نوێ بۆیان دەستپێدەکات، زۆربەی ئەو کچانەی پەیوەندییان بەحەرەم سەراوە دەکرد، ناچنەوە سەر رەگەزی موسڵمان، لەبەرئەوە ناوێکی نوێیان لەجیاتی ناوە نەسرانی یان یەهودییەکەیان بۆ هەڵدەبژێردرا، زۆرکات ناوێکی فارسی-یان بۆ هەڵدەبژێردرا کە مانایەکی جوانی هەبێت وەك ئەو نازدارە، وەك ئەو دەنگ زوڵاڵە، سوڵتان بۆ خۆی ئەو ناوە نوێیانە هەڵدەبژێرێت، دەگێڕنەوە یەکێك لەکەنیزەکان دووچاوی مەستی هەبووە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ناوێکی جوانی بۆ هەڵبژاردووە کە چاوی خۆشییە (چشم فەرح)، بۆ ئەوەی ئەم ناوە نوێیە لەسەرەتاوە بزانرێت، ناوەکە لەسەر پارچە کاغەزێك دەنووسرێت و بەشوێنێکی جلەکانیەوە هەڵدەواسرێت کە بەئاسانی ببینرێت.

جێی وەبیرهێنانەوەیە سوڵتانە عوسمانییەکان ناوی فارسی-یان بۆ کەنیزەکانیان هەڵبژاردووە، لەکاتێکدا لەناوی عەرەبی بەولاوە هیچ ناوێکی تریان بۆ کچەکانیان هەڵنەدەبژارد، کاتێك سوڵتان یەکێك لەکەنیزەکانی دەخواست و دەیکردە هاوسەری

خۆی زۆرجار لەسەرو ناوە فارسییەکەی کە پێی بانگدەکرا کە کەنیزەیە ناوێکی تری عەرببیان بۆ زیاد دەکرا وەك شەرەفێك بۆ ئەو شووکردنەی بەسوڵتان، وەك خەدیجە ماه فیروزی هاوسەری سوڵتان ئەحمەدی یەکەم(صالحة دل ئاشوب)دایکی سوڵتان و هاوسەری ئیبراهیمی یەکەم و (ئامینة مەهری شاه قادین)و فاتمە هوما شاه قادین)و ئایشە بەهری قادین ژنانی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم.

دوای ئەوە (بەرنامەی) تایبەت بۆ سازدانی کەنیزەکەو رۆشنبیرکردنی کە یەکێك لەگەورە جێگرەکانی کۆشك لەپلەی (قالفە) سەرپەرشتی دەکات. کاتێك ماوەی خزمەتکردنی کەنیزە لەناو حەرەم سەرادا کۆتایی دێت کە ماوەکەی لەنۆ ساڵ تێنا پەڕێت، ئەگەر کەنیزەکە خوازیاری شووکردن بوو، مافی خۆیەتی شوو بەکێ دەکات لەدەرەوەی کۆشکی سوڵتان، سوڵتان جیهازی بۆ دەکات و هەندێ دەرماڵەی بۆ تەرخاندەکات و بڕێك پارەی دەداتێ کە ژیانێکی کامەرانیی بۆ دابینبکات، زۆر لەو پیاوانەی پلەوپایەیەکی بەرزیان هەبووە هەوڵی ئەوەیان دەدا یەکێك لەو کچانە بخوازن کە پێشتر لەناو حەرەم سەرادا کاریانکردووە، چونکە ئەمانە باشەکانن و هەمیشە رۆشنبیرو بەماریفەتن و تاڕادەیەکی زۆریش جوانن.

سەرپەرشتیکردنی سوڵتان بۆ ئەوانەی کە پێشتر لەناو حەرەم سەرادا کاریانکردووە هەتا دوای شووکردنیشیان بەردەوام دەبێت، کەنیزەیەك کە پێشتر لەحەرەم سەرادا کاریکردووە، ئەگەر هاوسەرەکەی پیربوو نەیتوانی کاربکات، هەروەها ئەوانەشی کە مێردەکانیان وەفات دەکات، دەرماڵەی رۆژانەی لەچێشتخانەی کۆشك پێدەدرێت، ئەم یارمەتییە بۆ منداڵەکانی کەنیزەکەش بەردەوامدەبێت ئەگەر کەنیزەکەش وەفات بکات.

لەئەرشیفی عوسمانیدا ئەو فەرمانانە ماوە کە سوڵتان لەو بارەیەوە دەریکردوون، کە شێوازێکە لەچاودێریی کۆمەڵایەتی ئەو کەنیزانەی سوڵتانیان بەباوك و بەرپرسی خۆیان زانیووە، سوڵتانەکانیش یارمەتی تەواویان داون کە ژیانێکی پڕ کامەرانییان بۆ دابین بکات.

٣-سازدان و رۆشنبیرکردنی کەنیزە:

هەر لەسەرەتای پەیوەندیکردنی بەکۆشکەوە، کەنیزەکان بەقۆناغی زۆردا تێدەپەڕین لەسازدان و پەروەردەو رۆشنبیرکردنی پێویست بۆیان هەتا شایەنی ژیانی ناو بەشەکانی حەرەم سەرا بن، کۆشکی عوسمانی قوتابخانەیەکی پەروەردەیی بووە بەهەموو بەشەکانیەوە، لەوانەش بەشی حەرەم سەرا، ئەوەی لەناو کۆشکی عوسمانی پەروەردە نەبووبێت، ناتوانێت لەهیچ شوێنێکی تر

فێری رەوشتی مامەڵەکردن بێت، چونکە کۆشك قوتابخانەیەکی پەروەردەیی نموونەییە، بگرە ژیان لەناو حەرەم سەرادا رێکخراوو نموونەییە وەك باشترین قوتابخانەکان.

هەر لەگەڵ پەیوەندیکردنی کەنیزە بەحەرەم سەراوە، بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ رۆشنبیرکردن و فێرکردنی خوێندن و نووسینی بۆ دادەنرا، جگە لەدرووومان و مۆسیقا، پێش ئەمانەش هەمووی دیراسەی بنەماکانی ئیسلام و خەتمکردنی قورئان و نوێژکردن، ئەم شیوازی رۆشنبیریی و فێرکردنە وەك بنەمایەك بووە بۆ هەموو ئەوانەی لەناو حەرەم سەرادا رۆڵیان هەبووە، لەبچووکترین کەنیزەوە هەتا گەورەترین فەرمانبەری ناو کۆشك.

ئەگەر کەنیزەیەك ئامادەیی هزریی هەبوایە بۆ دیراسەکردنی تیۆرەکان، ئەوا فێری فارسی و عەرەبی پاشان مێژووی ئیسلام و جوگرافیا دەبوو، (وەك کەنیزە نورت کە لەپلەی پسپۆڕدا بووە لەکۆشك (اوسطی) سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز فێری فارسی ببوو بەباشی و وەك مامۆستایەك وابورە لەناو حەرەم سەرادا، تیایاندا هەبووە فێری هونەری خۆشنووسی بوون و گەیشتوونەتە پلەیەکی بەرز تێیدا، هەندێ لەتابلۆی نووسینەکانیان ژوورەکانی ناو حەرەم سەرایان پێ رازانۆتەوە، بەڵام سەرجەم ژنەکانی سوڵتان بەهەموو پلەکانیانەوە فێری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەکران، جگە لەمێژووی عوسمانی و خوێندنەوەی هۆنراوەو

ژمێریاریی و زانستەکانی ئایین، لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەدا بۆیان هەبوو بیخوێننەوە.

سوڵتانە عوسمانییەکان لەفێرکردنی کەنیزەکاندا خۆیان بە بەرپرس دەزانی لەبەردەم خوادا، مامۆستایان بۆ ئەو مەبەستە دەهێنایە ناو حەرەم سەرا، دەبوایە مامۆستاکە کەسایەتی هەبوایەو ڕەوشتی بەرزی هەبوایە، ئەگەرنا لەکارەکەی لادەبرا، کاتێك سوڵتان (محەمەد ڕەشاد) زانی ئەو مامۆستایەی حەرەم سەرا فێری قورئان خوێندن دەکات، لەکاتی وانە وتنەوەدا جگەرە دەکێشێت و بەشێوەیەك دادەنیشێت کە لەگەڵ حورمەتی قورئاندا ناگونجێت، مووچەی یەك ساڵی لەپێشدا دایەو لەکارەکەی بەخشی (دەریکرد). لەبەرئەوە مامۆستا ڕێزێکی زۆری هەبووەو مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵکراوە لەناو حەرەم سەرادا، وەك ڕێزێك بۆ زانستەکەی، قوتابییەکانی شازادەکان بوون و دەستیان ماچکردووە، هەروەها سوڵتانیش لەکڕنوشبردنی سەلام بەخشیبوون بەپێوە پێشوازی لێکردووە وەك ڕێزێك بۆ زانستەکان، هەروەها لەبەردەم هاوسەری سوڵتان و لەسەر هەمان کورسی دادەنیشت بەپێچەوانەی ئەو نەریتەی هەبوو کە میوان لەسەر سەرین دادەنیشت، پاداشتی ئەوانەی لەناو حەرەم سەرادا کاریانکردووە گوزارشت لەقووڵی هەستی ئایینی دەکات لەناو حەرەم سەرای کۆشکدا، کاتێك یەکێك لەجێگرە کۆنەکانی ناو

حەرەم سەرا داوایان لەمامۆستا کردووە یارمەتییان بدات لەچۆنیەتی خوێندنەوەو لەبەرکردنی هەندێ لەسورەتەکانی قورئان لەبەرئەوەبوو کە ترساون بەهەڵە بیخوێننەوە، چونکە پێیانوابووە، ئەگەر هەڵەیەکی لەو شێوەیە بکەن خوای گەورە لێیان دەپرسێتەوە.

٤-ئازادکردنی کەنیزە:

سوڵتانە عوسمانییەکان لەماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر ژمارەیەکیان لەکەنیزەکان بەجیاوازیی پلەکانیانەوە ئازاد دەکرد، کەنیزە لە نۆ ساڵ زیاتر لەکۆشکدا کارناکات، دوای ئەوە دەبوایە دواڕۆژی خۆی دەستنیشانبکات، ئەوکاتەش تەمەنی گەیشتوەتە بیست و پێنج ساڵ، لەبەرئەوەی لەگەڵ سوڵتاندا نەخەوتووە مافی خۆی بووە، چونکە نەبۆتە (محظیە) یان منداڵ خەرەوە، شووبکات ئەگەری خواستی شووکردنی هەبوو، یان بەحەزی خۆی لەناو حەرەم سەرادا بمێنێتەوە، ئەگەر کەنیزە خوازیاربوو خانەنشین بێت یان ئازادبێت، نامەیەکی بۆ گەورەکەی نووسیوە (سوڵتان) تێیدا داوای کردووە کە خانەنشین بکرێت و ئازادبکرێت، ئەوکاتە ئەوراقی تایبەتی بەخانەنشینی و ئازادکردن بۆ ئامادەکراوە، ئەم کاغەزانەش ناویان (عتق نامە- ئازاد نامە)بووە، واتە چەکی

ئـازادکردن (صــك العتــق). ئـەم ئیجرائاتانــە زۆر بــەخێرایی و بەخۆشییەوە لەلایەن سوڵتانەوە کراوە، هەندێ کەنیزە بێئەوەی لێیان داوابکرێت ئازادکراون، ئەوانیش وەرەقەکەیان دەدڕاند، پێیان باش بوو لەگەڵ خانەشیندا لەناو حەرەم سەرادا بمێننەوە، ئەوکاتەش ڕێگەی پێدەدرا دەست بەتاڵبێت بۆ خواپەرستی و ئەوپەڕی چاودێریی و پاداشت دەکرا، بەتایبەتی ئەگەر لەتەمەندابێت، سوڵتان گرنگیی ئەدا بەو کەنیزانەی بەتەمەن بوون و پێیان باشبوو لەناو حەرەم سەرادا بمێننەوە، لەماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر بانگیدەکردن و پرسیاری ماڵ و پێداویستییەکانی لێدەکردن، تیاشیاندا هەبووە پێی باش بووە لەکارکردنی ناو حەرەم سەرادا بەردەوامبێت و خانەنشینی ڕەتکردۆتەوە.

## چوارەم: نەریتەکانی ناو حەرەم سەرا:

حەرەم سەرا بەهەموو پلەکانیەوە ژیانێکی تایبەتی هەبووەو لەسەرجەم رووەکانییەوە ملکەچی نەریت و ئادابێك بووە کە ناتوانرێ هەروا سەیربکرێت، هەموو فەرمانبەرەکانی ناو حەرەم سەراو دەرەوەی حەرەم سەرا زۆر بەوردی ئەو نەریتانەیان جێبەجێکردووە، ئەگەر پەیوەستبووبێت بەهەڵسوکەوتی شەخسیی کەنیزەکان یان نەریتەکانی سیستمی گشتی ناو حەرەم سەرا.

### ١-ئادابی گشتی ناو حەرەم سەرا:

ژیانی ناو حەرەم سەرا بنەماو ئادابی خۆی هەیە کە حوکمی رەفتاری شەخسی هەموو ئەوانە دەکات کە لەناو حەرەم سەرادا دەژین و پەیوەستە بەرووکەشی گشتی و هەمووی لەو چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە، کە ئیسلام فەرمانی پێکردووەو لەپاك وخاوێنی و رووی جوان، کەنیزەکان هەمیشە هەموویان پاك وخاوێن بوون، بۆیان نەبووە تێکەڵ بەخەڵك بن یان بەپێی پەتی بگەڕێن یان جلوبەرگی ناڕێکپۆش و پیس لەبەربکەن، پێویست بووە لەسەریان نینۆکیان لەشوێنێکی چۆڵدا بکەن و هەفتەی جارێك خۆیان بشۆرن و هەموو بەیانییەك چاویان بەئاووسابوون بشۆرن، دوو خاولیشیان بۆ دەستنوێژ

بەکارهێناوە، یەکێکیان بۆ دەموچاوو ئەوی تر بۆ قاچەکانیان، خاولیەکانیش هەفتەی جارێك دەشۆران، ئەمانە ئەو خاولیانە نەبوون کە بۆ کاری رۆژانە بەکار دەهاتن، جێگرو نوێیەکان هەموو شوێنەکانی حەرەم سەرایان پاکدەکردەوە بەپێگەو قادرمەو گەرماوو قاتی خوارەوەش (البدروم) لەبەشی حەرەم سەرا، مانگی جارێك ئەو حەسیری میسرییە بەئاوو سابون دەشۆررا کە لەسەر زەوی داخرابوو، هەر کەنیزەیەك هەر پلەیەکی هەبوایە لەژورێکەوە بچوایەتە ژورێکی تر پێویستبوو بڵێ (دەستور) ئەم وشەیە بەمانای ئەوە دەهات کە داوای روخسەتی چوونەژوورەوە بکرێت، قەدەغەبوو بۆ هەموو ئەوانەی لەناو حەرەم سەرادا کاردەکەن بەدەنگی بەرز قسەبکەن، جێگرە کۆنەکان ئەم رەفتارەیان زۆر بەوردی چاودێریدەکرد، بنەمای مامەڵەکردن لەناو حەرەم سەرادا بریتیبوو لەرێزگرتنی بچووك بۆ گەورەو ملکەچی بڕیارەکانی بێت، سۆزی گەورەش بۆ بچووك و مامەڵەکردنی بەخۆشەویستی و چاودێریکردنی، هەموو بەشێك لەحەرەم سەرادا ئەو چاودێرییەی دەزانی.

**٢-تیمارکردن لەناو حەرەم سەرادا:**

کۆشکی سوڵتان بەشێوەیەکی هەمیشەیی پزیشکی تیابووە، لەکاتێکدا هەر نەخۆشییەك لەسەر یەکێك لەژنەکانی سوڵتان یان

شازادەکانی ناو حەرەم سەرا دەربکەوتایە، بەپەلە لەدەرگای دەرەوە دەدرا بۆ ئاگادارکردنەوەی ئاغای پاسەوان تا بەپەلە گەورە پزیشکانی کۆشك بانگ بکات، هەتا دەرگای حەرەم سەرا هاورێیەتی دەکردو پزیشکیش لەژوورێکی تایبەتیدا چاوەڕێی دەکرد، پاشان ئاغا دەڕۆیشت، پزیشکەکە دوای ڕوخسەت وەرگرتن بۆ چوونەژوورەوە دەچووە ئەو شوێنەی نەخۆشەکەی لێبوو بێئەوەی تەماشای چواردەوری خۆی بکات.

دەکەوتە پشکنینی نەخۆشەکە دوای ئەوەی بەتەواوی خۆی داپۆشیبوو، هەروەها هەموو کەنیزەکان لەکاتی پشکنیندا کە لەلایەوەبوون خۆیان دەپۆشی، ئەگەر پزیشکەکە مەبەستی بوایە ترپەی دڵی بگرێت، دەستی بەپارچەیەك قوماشی لۆکە دادەپۆشی تادەستی پزیشکەکە بەر نەخۆشەکە نەکەوێت، ئەگەر ناچاربوایە گەردنی یان چاوی بپشکنێت، جگە لەشوێنی پشکنینەکە هەموو دەموچاوی دادەپۆشی، پاشان پزیشکەکە دەگەڕایەوە ئەو ژوورەی کە پێشتر چاوەڕێی تێدا دەکرد، دەرمانی گونجاوی بۆ دەنووسی، بەهەمان شێوەی پێشوو دەگەڕایەوە ئەو شوێنەی لێیەوە هاتبوو.

ئەگەر پێویستی کرد نەخۆشەکە کەش وهەوا بگۆڕێت، ئەوا دەگوێزرێتەوە بۆ کۆشکێك و جگە لەو جێگرەی لەبەشەکەیدا کاردەکات و هەندێ کەنیزە بۆ خزمەتکردنی کەسی تری لەگەڵ

نابێت بەهەمان شێوەی پێشوو، ئەگەر نەخۆشییەکە توندبوو، نەخۆشەکە خێرا بۆ نەخۆشخانەی بەشی حەرەم سەرا دەگوێزرێتەوە، سەرپەرشتیکاری چارەسەرکردنەکەشی سەرۆکی پەرستاران دەبێت لەپلەی سەرۆك (اوسطى)، چەند پەرستارێکی تر یاریدەی دەدەن کە پێیاندەگوترێت (Nime)، ئەگەر نەخۆشییەکە درم بوو، ئەوا نەخۆشەکە دەگوێزرێتەوە بۆ یەکێك لەماڵی ئەو کەسانەی پێشتر لەحەرەم سەرا کاریکردووە، کۆشکیش سەرجەم پێداویستیو پارەی بۆ دابین دەکات هەتا بەتەواوی چاك دەبێتەوە، ئەم شێوازی جیاکردنەوەیەی نەخۆش لەحەرەم سەرا ئەوە دەگەیەنێت کە خوازیارنەبوون نەخۆشی لەناو حەرەم سەرادا بڵاوببێتەوە، هەروەها پابەندبوونە بەسونەتەی پێغەمبەرەوە، جێی بیرهێنانەوەیە کۆشکی سوڵتان دەرمانی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کۆشك دروستدەکردو پێشکەش بەپیاوانی دەوڵەتو پادشاکانی ئەوروپاش دەکرا، ئەم دەرمانانە ناوبانگێکی بەرفراوانیان هەبوو، لەکاتی مردنی یەکێك لەژنەکانی سوڵتان یان یەکێك لەشازادەکانی تەرمەکەی لەکۆشکی (توب قاپی) بەخاك دەسپێردرا، بەڵام ئەگەر یەکێك لەجێگرەکان یان کەنیزەکان بمردایە لەماڵی یەکێك لەئەندامانی کۆشك تەرمەکەی بەخاك دەسپێردرا.

### ٣-خواپەرستی لەناو حەرەم سەرادا:

پابەندبوون بەخواپەرستی لەناو حەرەم سەرادا کارێکی پێویست بووەو هەتا دوای کۆتاییهاتنی دەوڵەتی عوسمانیش بەردەوامبووە، نوێژکردن لەناوحەرەم سەراو کۆشکدا بەزۆر (ئیجباری) بووە ئەو کارمەندانەی لەناو بەشەکانی حەرەم سەرادابوون وریای ئەوەبوون کە بەیانیان زوو بەخەبەربێن بۆ نوێژی جەماعەت، هەر کەسێك بەو کارە هەڵنەستێت ئەوا زۆر بەتوندی سزا دەدرا، سوڵتان محەمەد رەشاد (١٩٠٩-١٩١٨) بڕیارێکی لەوبارەیەوە دەرکردبوو کە ئەمە دەقەکەیەتی: (نان و خوێم، حەرامە لەوانەی نوێژو رۆژو ناگرن، ئەمە ویستی منە، پێویستە لەسەر مامۆستاکان بەقوتابییەکانی ناو حەرەم سەرای بگەیەنێت) سوڵتان محەمەد رەشاد پیاوێکی خواناس بووەو هەر پێنج فەرزی نوێژەکانی لەکاتی خۆیدا ئەنجامداوە، زۆر بەتوندیی بنەماکانی ئاینی گرتبوو، ئەمەش سیفەتی زۆربەی سوڵتانەکانی عوسمانی بوو، سوڵتانە عوسمانییەکان هەتا کۆتایی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیش، مامۆستایان دەهێنایە ناو حەرەم سەرا تاکو هەرچی ژن وکەنیزەکانی ناوی هەیە بەشێوەیەکی راست ودروست فێری قورئان خوێندنەوەیان بکات شازادەکان پێویست بوو لەسەریان قورئان خەتم بکەن پێش ئەوەی فێری هەر زانیارییەکی تر بن، پاش ئەوانە لەناو حەرەم سەرادا ئاهەنگی

تایبەتی دەکرێت و سوڵتان خۆی ئامادە دەبێت و بەو بۆنەیەوە پیرۆزباییان دەکات.

لەمانگی رەمەزاندا هەموو کۆشکی عوسمانی بەبەشی حەرەم سەرایشەوە، کەشێکی ئایینی قوڵ باڵی بەسەردا دەگرێت، واعیز بۆ واعیزدان ئامادە دەبێت و هەموو شەوێك نوێژی تەراویح دەکرێت، ئەوکاتە حەرەم سەرا وەك مزگەوتی لێدێت، هەرچی تیایە بەرۆژووەو سەرقاڵی خواپەرستیی و قورئان خوێندنە بەشەوو رۆژ، لەم مانگەدا ئاوی زمزم لەمەککەوە دێتە ئەستانبوڵ هەتاکو رۆژووانەکان بەو ئاوە لەناو کۆشکی عوسمانیدا بەربانگ بکەنەوە، هەروەها ژنەکان لەهەموو ئەو رۆژانەی بۆنەی ئایینی تێدایە وەك ئیسراومیعراج و شەوی نیوەی مانگی شەعبان بەرۆژوو دەبن، هەر لەمناڵیەوە مەشق لەسەر بەجێهێنانی خواپەرستی دەکەن.

لەپانزەهەم شەوی مانگی رەمەزاندا دایکی سوڵتان و ژنەکانی و گەورە فەرمانبەرانی کۆشك سەردانی ئەو ژوورە دەکەن کە پاشماوەکانی پێغمبەر (د. خ) تیایە.

بەدرێژایی مانگی رەمەزان واعیزدەران واعیز بۆ ژنانی ناو حەرەم سەرا دەدەن و قورئانیان فێردەکەن و نوێژی تەراویح دەکەن، لەرۆژانی رمەزانیشدا ژنان دەچنە سەر مەرازی پیاوچاکان و

نوێژی عەسر لەیەکێك لەمزگەوتەکان و لەوبەشەدا دەکەن کە تایبەتکراوە بۆیان، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ حەرەم سەراو دەستنوێژ تازە دەکەنەوەو لەسەر بەرماڵەکان دادەنیشن. تۆبەو دوعا دەکەن هەتا کاتی بەربانگ دێت، دەستدەکەن بەخواردنەوەی ئاوی زمزم‌وخواردنی خورما، پاشان نوێژی ئێوارە دەکەن و دوای ئەوە هەموان خوانی بەربانگ دەخۆن. دوعاکردن لەناوحەرەم سەرادا شوێنێکی بەرزی هەیە، هەموو جوڵەیەك لەناو حەرەم سەرادا پاڕانەوەو دوعای گونجاوی هەیە، لەکاتی داخستنی دەرگای حەرەم سەرا یان کردنەوەی دوعا دەکرێت، کاتێك شازادەکان پەیوەندیی بەقوتابخانەوە دەکەن حەرەم سەرا دوعایان بۆ دەکەن تا خوا سنگیان فراوان بکات بۆ نوری زانست، هەروەها هەموو هۆڵ و دەرگاکانی حەرەم سەرا بەپێی جێگەی گونجاو ئایەتی قورئانی پیاهەڵواسراوەو دەرگای سەرەکیی بەشی حەرەم سەرا ئایەتی (یا ایهاالذین امنوا لاتدخلوا بیوتا غیر بیوتکم حتی تستانسوا وتسلموا علی اهلها) نووسراوە (النور ٣٧) ئەو دەرگایەی بەرەو ئەو بەشە دەڕوات کە ئاغاژنەکانی حەرەم سەرای تیادەژی، ئایەتی (سلام علیکم طبتم فادخلوها الدین) نووسراوە (الزمر ٧٣)و بەم شێوەیە.

## ٤-هونەر لەناو حەرەم سەرادا:

هونەری گۆرانیو مۆسیقا جێی گرنگی سوڵتانەکانی عوسمانی بوون، لەناو حەرەم سەرادا تیپێکی مۆسیقاو گۆرانیو نواندن لەو کەنیزانە دروستکرابوو کە ئامادەییان تیابوو ئەو هونەرە بکەن، یەکەم تیپی مۆسیقا لەسەردەمی سوڵتان بایزیەی دووەمدا بوو (١٤٨١ز-١٥١٢ز)، ئەم تیپی مۆسیقایانە وانەو مەشقی مۆسیقایان لەسەر دەستی یەکێك لەپیاوانی تایبەت بەو هونەرە فێردەبوون، رێگەنەدەدرا بەهیچ پیاوێك جگە لەمامۆستاکانو ئاوازدانەرەکان بچنە ئەو قوتابخانەیەوە، هەندێ کاتیش کچەکان دەچوونە ماڵی مامۆستاکەیان تاکو فێربن، کچەکان لەکاتی وانە خوێندندا پابەندبوون بەپۆشینی دەموچاویان، وانەکانیش لەرۆژی دیاریکراودابوو لەهەفتەدا، ئەو ئامێرانەی مەشقیان لەسەر دەکرد بریتیبوون لە: عودو کەمانچەو دەفو تەنبور، پاشان پیانۆی بۆ زیادکرا، ئەوانەی ئاوازیان دەزانی لەکەنیزەکان پلەکەیان بۆ جێگر بەرزدەکرایەوە، ئەم پلەیە حەقی بەسەر کاری بنەرەتی ناو حەرەم سەراوە نەبوو، پێیاندەگوترا جێگرە ئاوازدانەرەکان، ئەم تیپانە ئاهەنگیان لەناو حەرەم سەرادا سازدەدا، لەسەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز (١٧٦١ز-١٨٧٦ز) لەکۆشکی سوڵتانیدا ئورکێسترایەك هەبوو، لەشەست کەنیزە پێکهاتبوو کە هەریەکەیان دەیانزانی مۆسیقای خۆرئاوایی

بژەنن و نۆتەی مۆسیقا بخوێننەوە، هەر کچێکی ئەم تیپە دەیتوانی زیاتر لەئامێرێك بەباشی بژەنێت، هەروەها ئۆپێرا خۆرئاواییەکانیان پێشکەشدەکرد.
لەسەردەمی سوڵتان (بایزیدی دووەمەوە) تیپی نواندنیش لەناو حەرەم سەرادا هەبووە، ئەگەر تەمسیلەکە بیخواستایە بەرگی پیاوانیان لەبەردەکرد، هونەرمەندەکان بە Gengi ناودەبران و یەکێك لەجێگرە کۆنەکان هەفتەی دووجار مەشقی پێدەکردن، هەروەها هونەری خۆشنووسی و (تەترین) و ئیشی تری دەست گرنگییەکی گەورەی هەبوو لەناو حەرەم سەرادا، هەموو ئەو ئیشی دەستانەی لەناو حەرەم سەرادا بەرهەم هاتوون هەموویان ئاماژە بەچالاکیی و زەوقی جوانیان دەکات.

### ٥-پەیوەندیی حەرەم سەرا بەجیهانی دەرەوە:

نەریتەکانی حەرەم سەراو سیستمی ئیدارەکەی، شوێنی رێزو تایبەتمەندیی خۆی پاراستووە، وا دەکات وەستان لەبەردەم رووداوەکانی ناوەوەی مەحاڵبێت، دیوارە پان و بەرزەکانی وای لێدەکات وەك شارێکی تایبەت بێت، سیستمی پاسەوانییە وردەکەی مەحاڵبووە رێگە بدات بەکەسێك لەدەرەوە بچێتە ناوی یان سەردانی بکات ئەگەر ژنیش بووبێت، تەنیا کچانی سوڵتان کە شوویان کردووە ئەم بڕیارە نایانگرێتەوە کاتێك دەخوازن

سەردانی دایکیان بکەن، هەروەها بەتەواوی رێگە لەپیاوان و ئەو کارمەندانەی لەخزمەتی حەرەم سەرادان گیراوە بچنە ناوی ئەگەر بەرووخسەتی تایبەتی سولتان نەبوایە یان لەحاڵەتی زۆر پێویستدا نەبوایە، ژنەکانی سولتانیش بەهەر هۆیەك بووە لەهۆیەکان قەدەغەبووە بچنەدەرەوە بەفەرمانی سولتان نەبوایە، ژیانی کۆمەڵایەتییان تەنها لەگەڵ ژنانی ناو کۆشکدابووە قەدەغەبووە ژنەکان پەیوەندیی بەجیهانی دەرەوە بکەن، ئەو کارمەندانەی پیاوبوون و لەبەشی حەرەم سەرادا کاریانکردووە پێویستبووە لەسەریان هەرچییان پێویست بووبێت و لەبازاڕ بۆیان دابین بکەن، ژنەکان پێداویستییەکانیان لەقوماش و پێڵاو و کەرەستەی جوانی یان لەسەر پارچە کاغەزێك دەنووسی و دەیاندایە ئاغا کچان، ئەویش لەڕێی خۆیەوە بەخزمەتکارەکانیان رادەگەیاند کە پێویستە چی بکڕن، دوای رۆژێك یان دووڕۆژ هەرچی داوایان کردبوو بۆیان دەهات لەگەڵ نرخەکانیدا، ژنەکان هەرچیان حەز لێبکردایە هەڵیان دەگرت و ئەوانەی تریان دەگێڕایەوە، کاتێك سولتان حەزی بەگەشتێك لەباخچەکەی بەشی حەرەم سەرادا بکردایە لەگەڵ ژنەکانی، ئەوا لەحەرەم سەرا حاڵەتی ئامادەباشی رادەگەیەنرا کە بەناوی (الخلوه) ناسرابوو، واتە چۆڵکردنی شوێنەکە بۆ رێگەدان بەسولتان بەچوونەدەرەوە لەگەڵ ژنەکانی لەباخچەکەدا، خزمەتکارەکانیش بۆ

چاودێریکردنی ئەو ڕێگەیەی بۆی دەچێت رادەوەستان، هیچ کەسێك چەند نزیکبووایە نەیدەوێرا نزیکبێتەوە یان سەیری باخچەکە بکات، هەرکەسێك سیخوڕیی بەسەر ڕووداوەکانی ناو حەرەم سەرادا بکردایە، سزاکەی کوشتن بوو، وەرگێڕی باڵیۆزخانەی بوندوقیە لەئەستانبوڵ بەهۆی هەوڵدانی سیخوڕیی لەسەرئەوەی لەناو حەرەم سەرادا ڕوودەدات کوژرا کاتێك بەهۆی دووربینەوە لەسەر ماڵەکەی بەنیازبوو سەیری ناو حەرەم سەرا بکات، دوای ئەوەی کارەکەی ئاشکرابوو یەکسەر کوژرا.

٦-چوونەدەرەوەی حەرەم سەرا بۆ سەیران:

ژنەکانی حەرەم سەرا سەیرانی خۆیان هەبووە لەناو کۆشکدا بووبێت یان لەدەرەوەی، لەهەردوو حاڵەتەکەدا چوونە دەرەوەیان لەبەشی خۆیان لەناو کۆشکدا بۆ سەیران بەپێی خۆئامادەکردن و دیسپلینەکان بووە، لەکاتی چوونەدەرەوەیان بۆ ناوکۆشك، چۆڵکردنی ئەو ناوە رادەگەیەنرا ئەوسا باخچەکان بەشێوەیەکی تایبەتی ئامادە دەکران، پەردەیان بەشێوەیەك هەڵدەواسی کە شوێنی ڕێگەی ژنەکانی دیاریدەکرد لەناو باخچەکەداو لەبینینیش دەیپاراستن.

بەڵام سەیران بۆ باخچەو سەیرانگەکانی دەرەوەی کۆشك، لەهەردوو وەرزی بەهارو هاوینداو لەماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر

دەبوو هەموو کەنیزەو ژنەکان بەیەکجار نەدەچوونە دەرێ، بەڵکو کۆمەڵ کۆمەڵ دەڕۆشتن، گەورە بەرپرسی پرۆتۆکۆڵەکان لەناو حەرەم سەرادا ناوی کەنیزەو جێگرەکانی لەسەیرانەکەدا بەشداریی دەکەن دیاریدەکرد، ئەم سەیرانانەش لەڕۆژی هەینیدا دەبوو، ئاغاژنەکان جێگەی سەیرانەکەیان بەخێمەو پەردەو سەرین ئامادە دەکرد، ژنەکان بەئاپۆرەیەك دەجوولاَن کە عەرەبانەی ژنەکانی سوڵتان و شازادەکان لەپێشەوەبوون، پاشان ئەوانەی خزمەتیان دەکرد هەریەك پلەکەی خۆی، هەریەکیان لەعەرەبانەی خۆیداو بەپێی پرۆتۆکۆڵی تایبەت بەحەرەم سەرا ئەم ئاپۆرەیە دەڕۆیشت لەهەردوولایەوە ئاغاکانی حەرەم سەرا بەئەسپەکانیانەوە دەوریان دەدان، پەردەی عەرەبانەکانیش بەتەواوی دادەدرایەوە، لەکاتی گەیشتن بەشوێنی سەیرانەکە ژنەکان عەرەبانەکانیان جێدەهێشت و دەچوونە شوێنی تایبەتی خۆیان، دوای نوێژی عەسر بەهەمان شێوە دەگەڕانەوە بۆ حەرەم سەرا، ئەمجۆرە سەیرانانە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانی عوسمانی بەسەیرانی شازادەیی ناوزەدکراوە Beylik Gazi.

ژنان بۆ زیارەتی مزگەوتی تایبەت دەهاتنەدەرێ وەك مزگەوتی (ابو ایوب) کە هەندێ لەسوڵتانەکانی تیا نێژراوە بۆ خوێندنی فاتیحەو خێرکردن، هەمیشە پارەی خێرەکان زیوبووە هەتا دوای دەرکەوتنی پارەی کاغەزیش.

**پێنجەم: خێرو ئەوقافی حەرەم سەرا:**

ئەوقاف لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا رۆڵێکی گەورەی بینیووە ئەگەر لایەنی ئابووریی بێت یان کۆمەڵایەتی، کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر کۆمەڵگەکان بەوەی کە دەزگایەکی ئاینی بووەو رۆڵێکی گرنگی لەخزمەتی رۆشنبیریی و فەتوای ئیسلامیی و پەرەپێدانی و بڵاوبوونەوەی و بەردەوامبوونی هەبووە.

ئەوقاف لەدەوڵەتی عوسمانیدا شوێن پێگەی فراوانبووە، ئەوقاف بۆتە شایەد لەسەر شارستانی عوسمانی، لەئەوقاف مزگەوتەکان، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، زانکۆکان و کتێبخانەکان دروستکراون، هەروەها گەورە پردو قەڵاو ماڵە بێوەژن و هەتیوان و چەندین دامەزراوەی خزمەتگوزاریی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و شارستانی ئەوقاف دروستی کردون، ئەوقاف بوودجەی بۆ کاری مەعنەویی داناوە وەك قورئان خوێندن بۆ رەحمەتی رۆحی مردووەکان، ئاغای کچان بەرپرسی ئەوقافی تایبەت بەژنانی حەرەم سەرا بووە، دەتوانین شارەزای ئەوقافی کەنیزەو جێگرو شارەزایانی حەرەم سەرای سوڵتان ببین ئەویش لەرێی ئەو نووسراوانەی لەسەر بەردی دیواری تەنیشتەکان تۆپ قاپی نووسراون.

حەرەم سەراو خێرەکانیان:

ژنانی حەرەم سەرای سوڵتان و کەنیزەکانی بەگشتی ژنانی خێرکەر بوون، بەشداربوون لەئەوقافداو زۆریان زۆر دامەزراوەیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی دروستکردووە وەك (مزگەوت، قوتابخانە، سەرچاوەی ئاو، گرتنی قورئان خوێن بۆ کەسانی بێکەس، سەرپەرشتیکردنی هەندێ ماڵ و خانەی هەژاران و هەتیوو، نەخۆشخانەی هەژاران کە چارەسەرکردن تیایدا بەخۆڕایی بووە، زانکۆو دانیشتگای هونەریی و زانستی).

جگەلەوەی هەندێ لەو ژنانە لەبەرئەوەی زمانیان زانیوە کتێبی بەنرخیان وەرگێڕراوەو بەدەستنووسی خۆیان پێشکەشی کتێبخانەکانی مزگەوتیان کردووە.

---

*لەم بەشەی کتێبەکەدا ناوی (٢٥) ژنی سوڵتان هاتووە کە هەموویان ژنانی خێرخوازبوون و سەروەت و سامانی تایبەتی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی و خزمەتکردنی هەژاران تەرخانکردووە، من لام باشبوو تەنها پرۆژەکانیان بنووسم بێ ناوهێنانی ئەو ژنانە و پلەوپایە و سەردەمی ژیانیان.

وەرگێڕ

---

# FEMALE S IN THE OTHOMAN'S PALACES (HARAM SARA)

لەبڵاوکراوەکانی
یەکێتی ژنانی کوردستان